تێگۆشان

بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

ڕووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی و

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و چوارەم ، ژمارە (١٣٥) ٣٠ی بانەمەڕی ٢٧٠٨ی کوردی، ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، ١٩ی مەی ٢٠٠٨ی زایینی

تۆپبارانی سنورەکانی کوردستانی عێراق لەلایەن ڕژیمی ئاخوندی

بە پێی ڕاپۆرتەکان، ڕژیمی ئاخوندی دەستی داوەتەوە، تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی ژاراوە و سەنگەسەر وەکوو(ڕەزگە، مارەدو، دۆڵە کۆکە، سەنگی سلێمان، گوێژە، پشتی قەڵاتووکان، ئەبوبەکرە) و هەروەها چەند شوێنێك لە دەوروبەری سیدەکان وەك (کانی خورما، کەرگەوزین، لۆلان وە خنێرە لە کوێستانەکانی کێلە شین) و زیانی زۆری بە سروشتی ئەو ناوچانە گەیاندووە. جێگەی باسە دانیشتوانی ئەو ناوچانە کەوتوونەتە ئەزیت و ئازاراوە و ناچار بوونە کوێستانەکان بە جێ بێڵن. ئەو دەستێوەردانەی ڕژیمی ئاخوندی بە پێچەوانەی بڕیاراتی نێونەتەوەیی و پەرەنسیە دیپلوماسیەکانی نێوان وەڵاتانی دراوسێ و مافەکانی مرۆڤە و بەتوندترین شێوە محکومە و پێویستە لایەنە پێوەندیدارەکان پێش بەو تەجاوزاتە نامرۆڤانەیە بگرن.

لە ١١٠ هەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دا

ڕۆژنامەی واشینگتن پۆست: ئەمریکا بەراوردی کردەوەی سەربازی لە دژی ڕژیمی ئێران دەکا

٢٢ی ئاوریلی ١٨٨٩، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە شاری قاهیرەی پایتەختی وەڵاتی میسر و پێش لە ١١٠ ساڵ بەرلە ئێستا لەلایەن کەڵە پیاوی کورد میقداد بەدرخان هەڵکەوتوو لە خانەوادەی ڕۆشنبیر و ناسراوی کوردستانی تورکیە بەناوی کوردستان بەچاپ گەیشت کە سەرەتایێك بوو بۆ دەسپێکی خەباتی سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێوی ڕۆژنامەنووسی کوردی. بەدەرچونی ڕۆژنامەیێکی کوردی لە تاراوگە، ڕەوتی بەرەوپێش چوونی موبارەزەی شێلگیری کورد لەبار ی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەدژی ماف پێشێل گەران و داگیرکەران چووە قۆناغێکی نوێوە. دەرچوونی ڕۆژنامەیێك بەناوی ڕۆژنامەی کوردستان لە دەرەوەی وەڵات، دەرخەری ئەوە بوو کە نەتەوەی بە دیفاعی کورد بێ ماف و ژێر دەستە کە بەدرێژای مێژوو، لەلایەن داگیرکەرانەوە زوڵمی لێکراوە و هەموو دەروەکانی ڕۆشنبیری و زانستیان لەسەر داخستووە. بەفشاری لەڕادە بەدەری دوژمنانی کورد، خاوەن قەڵەم و ڕوناکبیران و بەتەنگەوە چووانی ئازادی نەبەزیون و هەمیشە وەك قەڵاییێکی خۆڕاگرو بەباوەر لە بەرانبەر پیلان گێڕان دا وێستاون و ئیرادەی خۆیانیان بەسەردا زاڵ کردون. ٢٢ئاوریلی ١٨٨٩، کە ڕۆژێکی پرشنگدارو مێژووییە لە دێڕی موبارەزەی ڕۆشنبیری کوردیدا، ڕەمزی سەرکەوتن و ڕەوینەوەی شەوەزەنگی بێ هیواییە کە بە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، هەڵوەدایانی زانست و ڕۆشنبیری کوردی کەوتنەخۆ و نەخوێندەوارانیش هان دران کە وەدووی خوێندن بکەون.

ڕۆژنامەی کوردیی لە ماوەی تەمەنی ١١٠ ساڵەی دا، دەیان قۆناغی زێڕین و بەبایەخی بڕیوە. لەگەڵ هەموو کەندو کوسپەکانی سەر ڕێگەی، لە مەیداندا ماوەو لەسەر ڕێچکەی گەشەدان و هێشتنەوەی فەرهەنگ و کەلەپوری کوردی دەیان هەڵدێری تێ پەڕاندوە. مانگنامەی تێکۆشان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستان کە هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی و پارێزەری فەرهەنگ و وشەی ڕەسەنی کوردیەو زمان حاڵی سازمانی خەباتی کوردستانە یەکێك لە هەڵگرانی پەیامی زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕزگاری نەتەوەی کورد و لەپێناو بردوەدان بە بزاوی ڕۆشنبیر کردنی هەر تاکێك لە کۆمەڵگای کوردستان لە هەوڵی بێ وچان دایە. ڕۆژنامەی کوردستان کە لەتاراوگە بڵاو کرایەوە، بووە ئەزمونێك بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی تا لەدووڕە وەڵاتیش دا ڕیسالەتی خۆی بەجێ بهێنێ و ئەوە بە داگیرکەران و دەسەڵاتە چەق بەستووەکان بڵێینەوە کە تا قەڵەم بەدەستێکی کورد مابێ دەست لە خەباتی ڕۆشنبیری هەڵناگرن و بەردەوام بەدوای ئەو ئامانجە پیرۆزەدا دەڕۆن کە ساڵهای ساڵە نەتەوەی کورد خەباتی بۆ دەکات. بەبۆنەی ١١٠هەمین ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، سڵاو دەنێرین بۆ ڕۆحی بەرزی تێکۆشەر و نەمر میقداد مەدحەت بەدرخان، کە بەگیان بازی و فیداکاری لەڕێگەی تێکۆشان بۆ ڕزگاری، تا دوا هەناسە خەباتی کرد.

هەروەها دەستی ئەو خاوەن قەڵەمە بە بڕشتانە دەگوشین کە قەڵەمە پاکەکانیان خستۆتە خزمەت ڕزگاری نیشتمانی و مرۆڤایەتی و تا هاتنەدی ئاواتەکانی میقداد مەدحەت بەدرخان و باقی شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی قەڵەم بەدەستی و پێشمەرگە بەردەوام دەبن.

بەرزو بەڕێزبێ یادی ١١٠هەمین ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان

کومیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستان

٢٠٠٨/٤/٢٢

***

ڕۆژنامەی واشنگتن پۆست قسەکانی مایکل مولێن و ڕابرت گیتسی بڵاو کردەوە و نووسی قسەکانی ئەو دوایەی سەرۆکی ناوەندی هێزی سەربازی و وەزیری بەرگری ئەمریکا ئەوەی دەرخست کە فشارێکی نوێ لە دەوڵەتی جۆرج بووش بەرانبەر ڕژیمی ئێران لە ئارادایە. چونکە بەرپرسانی دەوڵەتی دەڵێن ڕژیمی ئێران لە درێژەدان بە گەلاڵە و پرۆژەکانی بۆ دروست کردنی چەك و تەقەمەنی و ڕاهێنانی چەکدارە عێراقیەکان و دابین کردنی پوول بۆیان کە بەردەوام هێرش دەکەنە سەر سەربازە ئەمریکیەکان و دەیان کوژن.

ڕابرت گیتس لە ووتارێکدا ڕایگەیاند ڕژیمی ئێران بەردەو دروست کردنی چەکی ئەتۆمی دەچێتە پێش، ناوبراو گوتی شەڕ مەترسیدارە بەڵام بە سەرنج دان بە سیاسەتی ئاژاوەگێڕی و تێکدەرانەی ڕژیمی ئێران و ئەو مەترسیانەی کە ئێرانێکی خاوەنداری چەکی ناوکەیی هەیەتی ڕێگەی چارەی سەربازی دەبێ هێنێ.

یەکێتی ئوروپا ڕەخنەی توندی لە لێدوانەکانی ئەحمەدی نژاد سەبارەت بە ئیسرائیل گرت

سەرۆکایەتی یەکێتی ئوروپا لە ڕاگەیێندراوێکدا ڕۆژی هەینی ٢٠ی بانەمەڕ، قسەکانی مەحمود ئەحمەدی نژاد، سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئێران، سەبارەت بە ئیسرائیلی بە توندی مەحکوم کرد.

پاسدار ئەحمەدی نژاد ڕۆژی پێنج شەمە بە ئیشارە بە ساڵیادی دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل، ووتی: هێندێ وا بیر دەکەنەوە بە ڕێکخستنی ساڵیادی لە دایکبوون دەتوانن ئەو جەنازە بۆگەنە زیندو کەنەوە.

ئەسلوانی سەرۆکی کاتی یەکێتی ئوروپا، لە ڕاگەیێندراوێکدا لە سەر قسەکانی پاسدار ئەحمەدی نژاد دوا و ئەو قسانەی بە قەبوڵ نەکراو، زیانبار، دواکەوتووانە زانیوە.

سەرۆکایەتی یەکێتی ئوروپا لەو ڕاگەیێندراوەدا زیادی کردوە کە ئەو یەکێتیە قسەکانی ئەو دواییەی سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئێران بە توندی مەحکوم دەکا.

مردنی لاوێکی مەهابادی بەهۆی شکەنجەی جەللادەکانی ڕژیمەوە

لاوێکی کورد بە ناوی کاوە عەزیزپوور کە ماوەیێك بوو بە تاوانی هاوکاریی یەکێك لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان زیندانی کرا بوو، سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ٢٧ی بانەمەڕ بە هۆی سەکتەی میشکەوە مرد.

کاوە عەزیزپوور، خەڵکی دێی دەریازی شاری مەهاباد، لە زیندان دا لەلایەن زیندانبانەکان ئازار درا بوو، و هەر بە هۆی ئەو فشارانەی زیندانبانەکانیش تووشی نەخۆشی میشك بوو.

سەرەڕای چەند عەمەلیات، سەعاتی ١ی شەوی هەینی لە بیمارستانێکی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد. ئەوە یەکەم جار نییە کە لاوانی کورد بەو شێوەیە لە بەندیخانەکانی ڕژیم لەناودەبرێن. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ئەو جنایەتە لەلایەن کاربەدەستانی ڕژیمی ئاخوندیەوە مەحکوم دەکا و خوازیاری مەحکووم کردنی ڕژیم لە لایەن سەرجەم نیهاد و دامەزراوەکانی م پارێزەری مافی مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهانە.

دەبیرخانەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٣٨٦/٢/٢٨

خەڵك لە دەوری دووهەمی نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی ڕژیم بەشداری نەکرد

بە پێی ڕاپۆرتەکان، لە ناوخۆی ئێران و ووتەی ئەو شاهیدانەی لە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە بوون زۆربەی سەر سندووقەکان و ناوەندەکانی دەنگدان خەڵکی لێ نەبووەو تەنانەت هەواڵدەرییەکانی ڕژیمی ئاخوندیش نەیانتوانیوە ڕاپۆرتی وێنەیی و فیلم بڵاو بکەنەوە کە دەری بخا، خەڵك لە دەنگدان بەشداریان کردوە.

بە پێی هەواڵەکان لە زۆربەی ناوەندەکانی دەنگدان لە تاران ژمارەی دەنگدەران لە ژمارەی قامکەکانی دەست زیاتر نەبوون.

بە پێی هەواڵەکان بەرپرسانی ڕژیمی ئاخوندی لە سەعاتەکانی سەرەتای دەنگدان هەوڵیاندەدا بە هەر شێوەیێك کە بکرێ ژمارەیێك کەس بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بەڵام لە هەوڵەیان سەرکەوتوو نەبوون.

ئاخوند ڕەفسەنجانی سەرۆکی ناوەندی قازانجەکانی ڕژیمیش ئیعترافی بەو ڕاستیە کردوە کە خەڵك زۆر بە کەمی لە دەوری دووهەم بەشداری هەڵبژاردنیان کردوە.

بەشداری نەکردنی خەڵك لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی ڕژیمی ئاخوندی جارێکی دیکە بێ پێگەیی ڕژیمی ئاخوندی لە ناو جەماوەردا دەرخست و سەلماندی کە جەماوەری ئێران نامانجی سەرەکیان ڕووخان و لە ناوچوونی ئەو ڕژیمە سەرەڕۆ و دژی ئینسانیەیە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

دەبیرخانەی ناوەندی

٧ی بانەمەڕی ١٣٨٦

جۆرج بووش دەڵێ: ڕێگە نادەین ڕژیمی ئێران دەستی بە بۆمبی ئەتۆمی ڕابگا

ڕۆژی پێنج شەمە ٢٦ی بانەمەڕ جۆرج بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە دوهەمین ڕۆژی سەفەرەکەی بۆ ئیسرائیل، لە پارڵمانی ئەو وەڵاتە قسەی کرد.

بووش دوو پاتی کردەوە کە پێوەندی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لێك نابڕێ و گوتی ئێمە ڕێگە نادەین ڕژیمی ئێران کە گەورەترین پشتیوانی تڕۆریزمە دەستی بە چەکی ناوکەیی بگات چوونکە خەیانەت دەبێ بە نەوەکانی داهاتوو.

جۆرج بووش گوتی: بۆ ئەوەی ئاشتی بێتە ئاراوە ڕێگە نادەین ڕژیمی ئێران چەکی ناوکەیی دروست بکا.

دەوڵەتی ژاپون دەستی گرتوە بە سەر پووڵی ئەو ئێرانانەی پێوەندیان بە گەلاڵەی ناوکەیی ڕژیمەوە هەیە

ڕۆژی سێ شەمە، ٣ی بانەمەڕ دەوڵەتی ژاپون ڕایگەیاند لە چوارچێوەی جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەرمایەی ئەو ئێرانیانەی کە لەگەڵ گەلاڵە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئێران لە پێوەندیدان ڕادەگرێ. بە پێی ڕاگەیێندراوی وەزارەتی دەرەوەی ژاپون دارایی ١٢ دامەزراوە و ١٣ کەس کە گومان لێکراون لە پێوەند بە گەلاڵە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئێران ڕاگیراون. ئەو بڕیارەی ژاپون هاوکاتە لەگەڵ سەردانی (ئولی هاینونن) چاودێری بەرزی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکەیی بۆ تاران کە ووتوێژ لە سەر هەڵسوڕان و لێکۆڵینەوە سەربازیەکانی ڕژیمی ئێران لەگەڵ بەرپرسانی ڕژیمی ئاخوندی دەکا. هەروەها ژاپون ناوی ٢٣ ڕێکخراوەی ئێرانی و ٢٧ کەسی ئامادەی کردوە کە وێ دەچێ لە گەلاڵە ناوکەییەکانی ڕژیمدا بەشدار بن.